# ئەگەر بەندەی مسوڵمان -یان ئیماندار- دەستنوێژ بگرێت ودەموچاوی بشوات؛ ئەوا هەموو گوناهەکان کە بە چاوی سەیری کردووە لەگەڵ ئاوەکەدا لە دەموچاویەوە دەردەچن -یان (تەنانەت دەردەچن) لەگەڵ کۆتا دڵۆپەی-

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر بەندەی مسوڵمان -یان ئیماندار- دەستنوێژ بگرێت ودەموچاوی بشوات؛ ئەوا هەموو گوناهەکان کە بە چاوی سەیری کردووە لەگەڵ ئاوەکەدا لە دەموچاویەوە دەردەچن -یان (تەنانەت دەردەچن) لەگەڵ کۆتا دڵۆپەی ئاویشدا-، وئەگەر دەستەکانی بشوات؛ ئەوا هەموو گوناهەکان کە بە دەستەکانی (بە دەستێدان) کردوویەتی لە دەستیەوە دەردەچن لەگەڵ ئاوەکەدا -یان (تەنانەت دەردەچن) لەگەڵ کۆتا دڵۆپەی ئاویشدا-، وئەگەر پێیەکانی بشوات؛ ئەوا هەموو گوناهەکان کە بە پێیەکانی (بە ڕۆیشتن بۆ شوێنی خراپ) کردوویەتی لە پێیەکانیەوە دەردەچن لەگەڵ ئاوەکەدا -یان (تەنانەت دەردەچن) لەگەڵ کۆتا دڵۆپەی ئاویشدا-، کاتێک تەواو دەبێت (لە دەستنوێژگرتن) ئەوا پاکبووەتەوە لە هەموو گوناهەکان».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە مسوڵمان یان ئیماندار ئەگەر دەستنوێژ بگرێت وڕووی بشوات لە کاتی دەستنوێژدا؛ ئەوا هەموو گوناهێکی بچووك لە چاوەکانیەوە دەردەچن لە گەڵ ئەو ئاوەی دێتە خوارەوە لە پاش شۆردنی ڕووی یان لەگەڵ کۆتا دڵۆپەی ئاو، ئەگەر دەستەکانی بشوات؛ لە دەستەکانیەوە هەموو گوناهێکی بچووك دەردەچن کە بە دەستەکانی کردوویەتی لە گەڵ ئەو ئاوەی دێتە خوارەوە یان لەگەڵ کۆتا دڵۆپەی ئاو، ئەگەر پێیەکانی بشوات؛ لە پێیەکانیەوە هەموو گوناهێکی بچووك دەردەچن کە بە پێیەکانی چووە بۆی لە گەڵ ئەو ئاوەی دێتە خوارەوە یان لەگەڵ کۆتا دڵۆپەی ئاو، هەتاوەکو دەردەچێت بە پاکبوونەوە لە هەموو گوناهە بچووکەکان لە پاش تەواوبوونی دەستنوێژەکە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3284